# وەزیری ناوخۆی هەولێر

## دۆستی تیرۆرستەنەزانەکان‌ونەیاری رۆژنامەنوسانی ئازادیخوازە.

**شۆڕش حەمە سەعید**

ئەگەر دەسەڵاتی پارتی بەقسەی ڕاستی جەماوەر نیگەرانە بۆچی تیرۆرستان دەهێنێتە سەر شاشەو پیشانی خەڵکیان دەدا ؟! لەوە دەچی تەلەفزیونی پارتی لە پیشاندانی وێنە ناشرینەکانی گرووپەکەی شێخ زانا , هەرمەبەستی بووبێت مەزاجی خەڵك تێك بدات, ئەوگروپەی بەرلە ئاشکرابوونیان دۆست‌ودڵسۆزی وەزیری ناوخۆو سەرکردایەتیەکەی بوون, ئاخر دەسەڵاتێك تەحەمولی دووقسەی ڕاستی سەرشەقامی کۆمەڵگەکەی خۆی نەکات, کارەساتی گەورەی بەدوادادێت, ئێستا دەبێت پارتی وەڵامی پرسیارێکی گەلێك گرنگ بداتەوە, ئەویش ئەوەیە مەبەستی لەپیشاندانی ئەوگروپە چیبوو؟ ئەگەر دەیەوێت کاروکردەوە ترسناك‌وقێزەوونەکانیان پیشانی خەڵکی بدات‌ولەسۆنگەشیەوە ووریایی دەزگاکانی ئاسایش بۆ خەڵکی رابگەیەنێ, ئەوا پێم وابێ بەهەڵەیەکی تردا چووەو خەڵکی ئەگەر دەرفەتی قسەکردنی هەبێت, دەتوانێ گوزارشت لەراستیەکان بکاودەشتوانێ رێگە چارەیان بۆبدۆزێتەوە, لە پیشاندانی ئەو گروپەدا ئەوەی وەك رۆژی رووناك بەدیار کەوت, ئەوەیە کە ئاسایشی پارتی نەك هەر بەئەرکی ڕاگرتنی ئاسایشی سەروماڵی هاوڵاتیان هەڵنەستاوە, بەڵکو ئاسایشیشی خستوونەتە مەترسیەوە, وەزیری ناوخۆ نەك هەر سەلیقەی نەبووە بگرە لەبن دەستی خۆی ترسناکترین جۆری تیرۆری بەرهەم هێناوەو ئەگەر هاوکاریشیان نەبووبێ ئەوا تاوانبارە بەوەی لەگوێی گادا خەوتووەوتیرۆرستان لەوی وەزیری ناوخۆ وورياتربوون, گرتنی هەردوو رۆژنامەنووسەکەی میدیا, نەك هەر دەسەڵاتی پارتی بەهێز ناکات, بەڵکو بەروە چارەنوسێکی ترسناك پاڵیپێوە دەنێ, ئەوەی ئەو دوو رۆژنامەنوسە ئەنجامیانداوە تەنهاو تەنها ئەرکێکی جدیی خۆیانە, بەڵام ئەوەی وەزیری ناوخۆ پێی هەڵدەستیٚو کاردانەوەی بەعسیانەی دەبێت لەبەرانبەریان, دیسان ئەوە دوبارە دەکاتەوە کە ئەو لەبەرانبەر رۆژنامەنوسانی ئازادیخواز, کە تەنیابەقەڵەمەکانی دەستیان چەکدارن, شێرەو لەبەرانبەر تیرۆرستانی چەقۆ بەدەستیش هیچ لەباردانەبوو, زۆر مایەی شەرمەزاریە لەدوای ئاشکرابوونی گروپەکەی شێخ زانا , کە هاوەڵو دڵسۆزوباوەرپێکراوی سنجاری خۆی بوون, لەسەر کارەکەی ماوە وراپێچی بەردەمی دادگانەکراوە, یان خۆی جورئەت دەکات لەو پۆستەدا بمێنێتەوە؟! چ جای ئەوەی رۆژنامەنوسان ئەزیەت بدات؟؟!! من وەك هاوڵاتیەکی کورد کە کەموزۆر پەیوەندیم بەدەسەڵاتەکوردیەکانەوە نیە, ئێستاش هەست بەشەرمەزاری دەکەم لەبەرانبەر هەبوونی ئەو گرووپە دڕندەیە, کەچی نازانم سنجاری بەچ روویەکەوە هێشتا وەزیرە!؟ بەتایبەتی کە شێخ زانا یەکەمین برادەری خۆی‌وراوێژکاری وەزارەتەکەی ئەو بووە, دلێرکار ئەفسەری

ئاسایشو بڕوا پێکراوی وەزارەتەکەی ئەو بووە؟ بەڵام چ لە رۆژگارە رەشەکانی دوای راپەرین دەکەی کە زۆربەی کارگێرەکانی حکومەتی کوردی لەهەولێروسلێمانی کۆنەبەعسیوپیاوخراپونەخوێندەواری مشەخۆروکارەکتەری خوێن رێژ بەرێوەی دەبەنوخەڵکی ئازادیخوازی کوردستانیش پەراوێزکەوتوون!!!